# Dropbox کتێبخانەی بەرنامەکانی دامەزراند




سایتێکی تایبەتە بە بەیەکبەستنەوەی مۆبایلەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەرنامەو جیبەجیکاریەکان و کۆگاکردن ، Dropbox هەنگاوێکی تری بری بە دروستکردنی ئەم کتێبخانەیە بۆ خزمەتگوزاریەکانی ، ئەم بیرۆکەیە بۆ بەستنەوەی مۆبایلەکانی ئای فۆن و بلاک بێری و ئەندۆریدە ، کە دەتوانیت بە ئاسانی لە ریگای بەستنەوەت بە Dropbox بگەیتە فایلە کۆگاکراوەکانت وە بەئاسانی و بەخێرایەکی زۆر بەم خزمەتگوزاریە نوێیەی Dropbox ببەستریێتەوە ، بەڵام بریار وایە Quick Office تایبەت بە نۆکیا بخرێتە هەمان کتێبخانەوە نۆکیاش بێتە ریزی ئەو مۆبایلانە بۆ موزامەنەو ئالوگۆرکردنی زانیاری وەرگرتنی بەرنامەکان لە ریگای Quick Office .

# nVidia بەرەو یەک جۆری ناساندنی بەرنامەکە




نڤیدیا تایبەت بە یاریە ڤیدۆیەکان و تایبەت بە خوێندنەوەی چەند جۆرێکی فایلی ڤیدیۆیی بەکارهێنەرانی لەسەرتانسەری جیهاندا هەن وە پێویستیەکی گرنگە بۆ ئیشپیکردنی یاریە ڤیدیۆیەکان بۆیە کێشەیەکی زۆر هەبوون بۆ ناساندنی nVidia چونکە دەبوایە هەموو جارێک دوای فۆرمات یان دوای لە دەستدانی تەعریف بەدوای ژمارەی مۆدێل و سێریال بگەرێت تاکو دەگەیشتیە تەعریفی تایبەتی خۆی بۆیە nVidia بیری لەوە کردەوە هەموو ڤێرژنەکان بکاتە یەک و یەک تەعریفی جۆکەر بۆ هەمویان بە لاپتۆپ و دیسک تۆپ بخاتە بازارەوە ، ئەوەی شایەنی باس بێت ئێستا زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان لەبیری یە کخستنی تەعریفەکانیان دان هەروەک مایکرۆسۆفتیش بۆ شاشەو دەنگ پەیرەوی کرد .

# سوق نێت

مصر دەیەوێت ببێت بە پێشەنگ لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی لە بارەی ئەنتەرنێت بۆیەش پێشەنگ بوو لە پێشنیار کردنی ناونیشانەکانی وێب بۆ جگە لە لاتینیەکان وە پێشەنگیش بوو لە دانانی سایتێکی فەرمی تایبەت بە بازارو دراو، دووشەممەی رابردوو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەرێوەبەرانی وێب سایتی سوق نێت رایان گەیاند کە ئەم سایتە گەورترین سایتی بازرگانی و دراوە لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەوەی شایەنی باس بێت لە بەرنامەی سوق نێتدا تەنها دراو زانیاری بازرگانی نیە بەڵکو تایبەت دەبێت بە کرین و فرۆشتن لە ریگای ئەنتەرنێتدا ، بەهیوای ئەوەش لە داهاتویەکی نزیکدا لە کوردستانیش سایتێکی فەرمی بەناوی بازاری دراو بکرێتەوە .




# داتا گرنگەکانی سیستەم و بزوێنەرکان

**بەشی یەکەم**

سەرەتا لە پەرەهەڵدەرەوەکان دەست پێدەکەین یەکەمیان مایکرۆسۆفت توشی شۆک بوو کاتێک بۆ یەکەم جار بەکارهێنەرانی کەمتر بونەوە لە ٦٠٪ ئەمە لە کاتێکدا لە ٢٠٠٣ گەیشتە ٩٥٪ بەڵام هەردوو پەرهەڵدەرەوە گۆگڵ کرۆم و فایەر فۆکس بەکارهێنەرانیان زیادی کردووە . ئەم ئامارە لە سایتی بی بی سی بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنتەرنێت ئێکسپلەوەر بۆیە بەکارهێنەرانی کەم بونەتەوە چونکە بەکارهێنەران بە گومانن لە خاڵە لاوازەکانی سکویریتیو کەلەبەرەکانی دزە کردن وە کاریگەری هەیە لەسەر دزەکردنی چەتەکان بۆ ناو کۆمپیوتەرەکانیان , هەروەها پەیدابونی فایەرفۆکس و گۆگڵ کرۆم کە دوو بەرنامەی بەهێزو تازەن مرۆڤیش حەز بە گۆرین دەکات کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر کەم بونەوەی رێژەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت ئێکسپلەوەر . بەڵام سەبارەت بە سیستەمی کارپێکردن ئەوا پێشەنگی هەمویان ویندۆزە بە رێژەی ٩١٪ بەرامبەر ٥٪ بۆ ماک و ١٪ بۆ لینۆکس .

# چاتی مۆبایل



بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت لە رێگای مۆبایلەوە زۆر بووەو بەدوایدا بەرنامەکانی چاتیش زیادیان کرد هەموو مۆبایلە زیرەکان جێبەجێکاری ئەنتەرنێتیان تێدایە بۆیەش ئێستا خەڵکێکی زۆر سەرقالی چاتی مۆبایلە لە راستیدا لایەنی باش و خراپی هەیە باشیەکە رەنگە بتوانیت لەگەڵ ماڵەوەو کەسە نزیکەکان قسان بکەیت و کەمترین نرخیشی تێدەوچێت وە رەنگە بتوانیت بەردەوام لە پەیوەندی دابیت بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر بەلانسی پەیوەندیت ، هەروەها لایەنێکی تر دورکەوتنەوەی هاندی مۆبایلە لە نزیک سەرو گوێچکە کە کاریگەری تەندروستی هەیە ، لایەنی خراپی ئەم چاتە کات کوشتن و سەرقاڵ بوونت لە زۆربەی شوێنەکان کە رەنگە دورت بخاتەوە لە دەوروبەرت ئەگەر بەکارهێنەکەش لە ئاستی پێویست زیاتر بوو ئەوا رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر تەندروستی جومگەکانی دەست و پشت و چاوەکان .

# یاریگا بۆ هەواڵی وەرزشی

سایتێکی خۆماڵی کوردی لە لایەن چەند گەنجێکی کورد سەرپەرشتی دەکرێت و سایتێکی تایبەتە بە هەموو جۆرەکانی وەرزشی و بە سێ زمانی سەرەکی بڵاو دەبێتەوە، وێب سایتی یاریگا http:// www.yariga.net لە دیزاین و نەخشەدا بە شێوەیەکی زۆر سادە کراوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد و ئارەزو مەندانی وەرزشی کوردی بە ئاسانی بگەنە لینکە داواکراوەکان، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم سایتە باس بکەم چونکە لە گواستنەوەی هەواڵەکان خێراو لە رێکاری خولەکانی یانەکانی جیهان زۆر وردە کە دەتوانیت بە زمانی شیرینی کوردی کاتەکانی یاریەکان وشوێن و شیکاری یاریەکان بکات ، هەروەها لینکە گرنگەکانی ئەم سایتە بریتین لە هەوالی پێکان و گواستنەوە یاریزانان و هەوالی یانەکان خولەکان و هەوالی تایبەت بە مۆندیال و روپەرەی سەرەکی کە تایبەتە بە پەخش کردنی هەواڵە گشتیەکان بە هەموو جۆرەکانی وەرزشی.




# ئایا کۆپی یەدەگ بۆ فایلەکانت دەکەیت؟

ریکەڤەری دوای هەرایەکی زۆر لەسەر لەدەست دانی فایلەکان هاتە کایەوە چونکە فایلەکانت کە وێنەو نوسین و دەنگ و ڤیدیۆ دەگرێتەوە و بەڵگەنامەی تایبەت بەخۆت و گەلێک شتی تریش زۆر گرنگە کە بمێنن بۆیە بە پێویستم زانی پرسیارێکی وا بورژێنم کە ئایا تۆ فایلەکانت کۆپیەکی لێدا هەڵدەگریت . ئایا بەردەوام بیرت لەوە کردۆتەوە یەک فۆرمات یان سوتانێک فایلەکانت لە دەست دەدات ، چی بکەیت باشە تا فایلەکانت لەدەست نەدەیت ، تۆ باشترین هۆکارت بۆ دروست کردنی کۆپی یەدەگ لا چیە دیڤیدی یان سیدی یان بیخەیتە ناو هاردێکی دەرەکی یان لە رێگای سایتی تایبەت بە خەزنکردن زانیاریەکان یان لە رێگای بەرنامەی تایبەت بە کۆپی یەدەگ یان هەرگیز فایلەکان کۆپی یەدەگیان بۆ ناکەیت ، با وەڵامەکەی بۆخۆت بێت بەڵام زۆر گرنگە کۆپی یەدەگ بۆ فایلەکانت بکەیت تا هەمیشە لە دەست دان بیان پارێزیت .



# ئەپل کۆمپانیایەکی تری کڕی

کۆمپانیای ئەپل کارگەی تایبەت بە دروست کردنی پارچە ئەلیکترۆنیەکانی مۆبایلی کری ، کۆمپانیای ئەنترنسیتی تایبەت بە دروست کردنی پرۆسیسەرو شاشەوسیم کارت و پارچە سەرەکیەکانی مۆبایل لە لایەن ئەپلەوە کردرا ئەمەش تەنها لە سەرنج را کێشا نی ئەم کارگەیە بۆ بەرهەمە باشەکانیان چونکە لەسەرتادا بۆ سامسونگ کاریان کردوەو سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوە بەتایبەتی بۆ زیادکردنی توانای پاتریەکان کە ئەپل بەدەست زۆری وزەی بەکارهاتوو دەناڵێنێت بە تایبەتی لە هاندی ئای فۆندا ، کرینی ئەم کۆمپانیایە بەهیوای ئەوەییەی کە ئەپل بتوانێت رزگاری بێت لە هەموو کەم و کوریەکانی لە هاندەکانیدا هەیە . چونکە ئەپل لە فرۆشتنی ئای پۆد سەرکەوتاو بوو بەڵام کێشەی لاوازی پاتری وەک خۆی مایەوە .



# ئەو زانایانەی بە ئینسکلۆپیدیای زانست گەیشتن



**یەکەم**

**عبدالجبار عبدالله**

لەساڵی ١٩١١ لە گوندی صالح لە پارێزگای عیمارە لە دایک بووە، بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە بەیروت و ئەمریکا توانی بروانامەی دکتۆرا لە پەیمانگای مساتشۆست تەکنەلۆژیا بێنێتەوە لە ئەمریکا کە گەورەترین پەیمانگای زانست و تەکنەلۆژیایە لە جیهاندا، یەکێکە لە چوار قوتابیە تاییەتیەکەی ئەنیشتاین، ١٩٥٢- ١٩٥٥ مامۆستاو لێکۆڵەر بووە لە زانکۆی نیۆرک، هاری ترومانی سەرۆکی ئەمریکا نازناوی (کلیلی زانستی) پێدەبەخشێت، ئەندامی هەمیشەیی زۆربەی زانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپا بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ دەگەرێتەوە عیراق و دەکرێت بە سەرۆکی دەزگای وزەی ناوەکی، دواتر دەبێتە دووەم سەرۆکی زانکۆی بەغداد و تا ١٩٦٣ دەمێنیتەوە، خاوەنی داهێنانی بارودۆخی کەش و هەوایە و یەکەم کەسە لێکدانەوەی بۆ دیاریدەکانی کەش کردووە، لێکدانەوەکانی دەربارەی رەشەباو گەردەلولەکان زۆر سەرکەوتوو بوونە، لەبەر بیروڕای سیاسی لەلایەن رژێمی بەعسی ئازار دەدرێت بەند دەکرێت تا لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی دەکات لە ساڵی ٢٠٠٩ هۆڵێکی گەورە لە زانکۆی بەغدا بەناو دەکرێت ، لەگەڵ شەقامێکی ناو بەغدا ، لەبەر لێهاتویی ناوی دەچێتە ئینسکلۆپیدیای زانست (whoiswho science) .

ستاندەر Standard

بەرێوەبەری نووسین
سۆران هەستیار
soranhastyar@yahoo.com

بەرێوەبەری هونەری
جمعە صدیق کاکە

ئای تی
شاخەوان خۆشناو
shakhawanit@yahoo.com

نوسینگەی سەرەکی
هەولێر، شەقامی ئاراس، نزیک مزگەوتی ئەوقاف
تەلەفۆن: ٠٧٧٠٦٥٣٣٤٢٨
standar2007@gmail.com

چاپ : چاپخانەی نەوا
٠٧٥٠٤٥٥٤١٩٠

نوسینگەی دابەشکردن
هەولێر: نوسینگەی برایەتی
٠٧٥٠٤٤٧١٧٣٧
سلێمانی : کۆمپانیای نێوەند
٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣